## سلێمانی شاری کاک ئەحمەدی شێخ و عەولەسیسی قوربانی ... خاڵە حەمە

سلێمانی
ئەی مەڵبەندو کانزای جوانی
ئەی (شریخە) ی گیانی (وڕ) و
ئەی بزوێنی جەستەی (سڕ) و
ئەی سرودی کامەرانی
تەمەنێکی ئێجگار سەختە
لە تۆ دوورم..
14 بەهار
زەردهەڵگەڕاو گەڵای وەری..
14 بەهار
گوڵەگەنم هەربەسەوزی
ژەنگ بە باڵایا هەڵزناو
رەنگی پەڕی!
بەڵام منی شێت و
منی شەیدا
تەنها شەوێك بەبێ خەمت
چاوەکانم لێکنەناوە..
تەنها ساتێك
برینێکم
بێسەروەریت
ئاخێکی هەڵنەکێشاوە..
بێگەورەییت
هەرگیز هەرگیز نەخەنیوم
ووشەیەکم نەخەملاوە..
(2)
ئەی قیبلەنمای دڵەکەم و
پیرۆزترین پەرستگای عەشق
لەو رۆژەوەی لەناو دڵتا
ئاوێنەی خەمیان شکاندم!
ئاگردانی پڕلە جۆشی کوردایەتی
باپیرەمیان کوژانەوە!!
هەردوو چاوم کزو کوێرە
کەللەم وەکوو (زرکەکاڵە) !
دڵم شارێکی وێرانە
کاولەیە..
مەڵبەندێکی پڕلەژانە
بێ (گەمە) یە

بێ چرپەیە. .
لەو ڕۆژەوە
لەناخمەوە
بۆعەشقی پیرۆزت ئەگریم
هەناسەكەم وەك شەماڵ و (رەشەبا) كەت
خۆی لە (گوێسوانە) ی ماڵان و
گوێچكەی كپی منارەكانت
هەڵدەسوێت
ماچی هەموومردوەكانی شارت ئەكات
هاوارئەكات
رابچڵەكێن
گوێ لەناڵەی یاخییەكی نیوەشەوو
شاعیرێكی سەركەش بگرن. .
ڕوو لەڕۆژی سەربەخۆیی بژین، بمرن.

(3)

سلێمانی هۆشارەكەم
لەو ڕۆژەوە عەشقیان كوشتم
هاوارئەكەم
لە ئامێزی گەرمی خۆتا
دڵەی زامدارم بیماركە
خەمی ئەو رۆژەم بەرەوە
یەكەم سرودی (ئاوێستا) م
لەسەر تەرمی
شەهیدێكی هەڵەبجە خوێند
لەسەر كڵكۆی
گوندەكانی ئەو گەرمیانە
یەخەی ئاسمانم راتەكاند. .
لە جۆلانەی دڵەكەشما
مناڵانی ئەنفال و
گشت كوردستانم ڕائەژان. .

(4)

هۆ شارەكەم
خەمی ئەو ڕۆژەم بەرەوە
لە رۆحی گەورەی شیعرێكدا
ئاوێنە شكاوەكانی دوێنێ و
ئاە و ناڵەی (بێ نەوا) كانی بەربەیان
رۆژانی جەنگی پێشمەرگەو
رۆحی بێكەسی كوڕان
فرمێسكە رەنگ شەرابیەكانی كچانم
ئەهۆنیەوە
بۆ ملوانكەی ملی ئاسۆ

بۆ گەردانەی گەردنی تۆ. .
دەم و لێوی هەڵقرچاوی دایکەکان و
ریشی سپی و
پشتی کۆماوەی پیرەکانم
لەسەربەرماڵێکی خەستەو ماندوو
بەرەو ئاسمان و لای خودا
(حەوا) ئەدا. .
(5)
هۆ شارەکەم
شەرتە تاهەم
ڕێگەنەدەم
لەسەر ڕێگای بێکەسیتا
دڕک بڕوێ. .
لەگەڵ خوێنی هەڵقولاوی جەستەی پیرۆز
بە چاوی دڵ تێر تێر بگریم
بە دوو چاوی ئەم ڕۆژگارە
بریندارە
بۆ ژووان و دابڕانی عاشقانت
بارانە شیعرم هەڵڕێژم. .
(6)
هۆ شارەکەم
تۆ (شا) و (شادە) ی ڕۆژگارێکی
ئەم باشوری کوردستانەی
هێندەی گەڵای دارەکانی باخی (گشتی)
دەردی هەبوو!!
سەدان هێندەش تۆ بەئاگای
زۆڵەکانی (العروبە) و کوردفرۆشان
وەک شەمشەمەکوێرەی شەوو
مشکی زێراب
ڕەنگیان هەبوو. .
ئەو بێشەرمە دڵ کوێرانە
چییان نەکرد
چییان نەبرد. .
منیش شادەی ئەو رۆژانەم لە هەناوتا
هەر هەڵۆ بوو
چاوەکانیان دەرئەهێنا!!
گوڵەکانئ دوور ئاوایی و
جەرگەی دڵتیان
هەڵدەوەران. .
شوشەی دڵی عاشقان و
بێشکەی ساواکانتیان ئەشکان. .

(7)
دەڕاپەڕە جارێکیتر
با ئەوزامە
جوانخاسانەی ژوور سەرینت
ژێر پێ نەخەن
باسەروەری ئەو ڕۆژانەت لێنەستێنن
هەر دەوەن بوو ئەبوو بەدار
هەرداریش بوو خۆی ئەسووتان
بۆ سوتانی دەستی بەدکار . .
(8)
دەڕاپەڕە جارێکیتر
بێدەنگیەکان بوروژێنە
تەختی زۆردار بلەرزێنە
شەقام پڕکە لە هەرزەکار
کۆڵان پرکە لە ووردە بەرد
بۆ مستۆڵکەی وردیلەکان
بازاڕ پڕکە لە تۆڵەوڕق
لە ڕێ پێوان
تا نەفرەتی ئەم دەستورە
بێ سنوورە
پڕ (بوخورە) !!
ماڵوان دوورە!!
بە پێی پەتی
ماڵەوماڵت نەپشکنێ!!
لە بری ماف و ئازادی خۆت
مەچەک و دەست
هەردوو (پا) شت
نەگرنە کۆت
(الفاتحە) نەخوێنن بۆت
هۆ شارەکەم
زۆر لێت پڕن
ئەوان دڕن
ئەوان دڕن!!
خاڵەحەمە2005/9/14دانمارک